# سەماحەتی حەکیم لە کۆربەندی سەرکردایەتییە لاوەکان: پشت بەلاوان دەبەستین بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری و پاراستنی سەقامگیری عێراق

بەڕێز حەکیم، سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی دووپاتی کردەوە لەمیانەی بەشداری کردنی لە کۆربەندی سەرکرە لاوەکان کە ئیمامی حوسێن (سڵاوی لێ بێت) نوێنەرایەتی پرۆژەیەکی مەزنی بۆ گۆڕانکاری و ژیان کردوە، وەرای کەمی یاوەرانی لەو کاتەدا، ئاماژەشی کرد کە پەیامەکەی تائێستا ماوە لەبەر ئەوەی پشتی بە ڕاستگۆیی پرۆژەکەو دادپەروەری قایم کردبوو، لەرێش مەزنترین قوربانی پێشکەشکرد.

لەسەرەتای گوتەکانیدا، سەماحەتی حەکیم پرسەی خۆی بەبۆنەی یادی شەهیدبوونی ئیمامی حوسین(سلاوی لێ بێت) دووپات کردەوە و جەختی لەسەر دڵسۆزی لەکار کرد و پشت بەستن بەخوا کردەوە لەگەڵ پێشخستنی بەرژەوەندی گشتی لەسەر بەرژەوەندی تاکە کەس و چەند کەسێك، هەروەها کارکردن بۆ عیراق و لەپێناو سەقامگیری عیراق.

بەڕێز حەکیم ئاماژەی بەوەدا کە پڕۆژەی دادپەروەری پێویستی بە پیاوانی خۆڕاگر هەیە کە بتوانن بەرگری لێبکەن و ڕووبەڕووی هەڵمەتی شێواندن ببنەوە، هەروەها داوای هاوسەنگییەکی مەوزوعیی کرد لە خوێندنەوەی واقیعدا و وەبەرهێنان لە خاڵە بەهێزەکان و پەرەپێدانیان و لەپاڵ گرنگی هەماهەنگی کردن و تەبایی ناوەکی کە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە نەمر ڕاگرتنی ڕووداوی عاشورا و گۆڕینی بۆ چیرۆکەکی قارەمانانە کە سنوورەکانی زەمەنی تێپەڕاندوە...

سەماحەتی جەختی لەسەر گرنگی بایەخ پێدان بە گەنجان و ئامادەکردنیان بۆ بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و پێشەنگایەتی کردنی ڕێگای گۆڕانکاری کردەوە و تەئکیدی کردەوە کە میانڕەوی و ناوەندگیری سەرچاوەی هێزن و بە ئارامی و خۆڕاگری خاڵی بەهێز دەبن و ئەمەش ئەو بۆچوونەیە کە ڕەوتی حیکمەتی نیشتمانی لە مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلە جۆراوجۆرەکاندا پەیڕەوی دەکات...

سەبارەت بەدۆخی ناوچەکە، بەڕێز حەکیم گوتی کە دەستدرێژییەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران ئامانجەکانی نەپێکاوە، بەڵکو پێکەوەژیانی ناوخۆی ئێرانی بەهێزتر کردووە و هاوسۆزی عەرەبی و ئیسلامی فراوانی بەدەستهێناوە، تەئکیدیشیکردەوە کە دیالۆگ ئامرازێکی سەرەکییە بۆ سەقامگیری ناوچەکە و ئاسایشی گەلانی ناوچەکە و جەختیشی لەسەر گرنگی سەقامگیری و سەروەری عێراق کردەوە...

بەڕێز حەکیم ئاماژەی بەوەشکرد کە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو خاڵێکی گرنگن بۆ بەهێزکردنی سەقامگیری و گواستنەوە لە قۆناغی ڕکابەرییەکان بۆ قۆناغی بەردەوامی و جەختی لەوەش کردەوە کە پشتی بە گەنجان دەبەستێت بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری و پێویستی بە دابینکردنی دەرفەتی یەکسان و دەستبەرکردنی ئاسایشی هەڵبژاردن و ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ بەشداریکردنی هۆشیارانە و کاریگەرانە...

لەکۆتایی گوتەکەی، سەماحەتی حەکیم بانگەشەی دووپاتکردەوە بۆ پەیڕەوی کردنی (نیشتمانگەری شیعی) وەك بنەمایەك بۆ کرانەوە بەڕووی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی عیراقی، دووپاتیشی کردەوە کە ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی توانیویەتی پارێزگاری لەسەرجەم پەیوەندییەکانی بکات لە هێزە سیاسییە جیاجیاکان بە متمانە و بەڕوونی، جەختیشی کردەوە لەسەر ئەوەی پێویستە پەیوەندی حکومەتی نێوەندی و حکومەتی هەرێم و حکومەتە نێوخۆییەکان لەسەر بنەمای دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانەکانە و هاوتا کردنەوەی ماف و ئەرکەکان.